# نرخی کوشتنی مرۆڤیک لای عەرەب 130 دولارە

**ئازاد رەشید**

**کۆمەڵێک لەۆ تیرۆرستانە لە ئیراق دەست گیر کران لە کەناڵەکانی تەلەفزیونەکان نیشان درا دانیان بەوەدا نا کە بۆ کۆشتنی هەر مرۆڤیک دوو سەد هەزار دیناری چاپکراوی ئیراقیان وەرگرتە ..ئەم نرخە وای کرد عەلاوی نرخی مرۆڤ بەرز بکاتەوە بریاری دەرکرد بۆ هەر کۆژراویکی شاری ((حلە)) یەک ملیون نێۆ دیناری چاپی ئیراقی سەرف بکری بۆ هەر برینداریکیش حەوسەدوو پەنجا هەزار دینار سەرف بکری واتە نرخی مرۆڤیک ناگاتە نرخی پینج بەرمیل نەوت کە ئیراق لەسەر دەریای نەوت دروست بووە ..**

**ئەی دەبی نرخی مروڤیکی کۆژراۆ لە وولاتانی رۆژئاوا چەند بی ؟؟..ساڵی 1988 فڕۆکەیەک لە لۆکەربی کەوتە خووارەوە پاش چەند ساڵێک ئاشکرا بوو موخابەراتی لیبیا دەستی لەو کارەدا هەبۆ لەو کارەساتەدا نزیکەی 350 کەس کۆژرا بۆ هەر یەکی لەو کۆژراوانە 10 ملیون دولار بەخشینرا بۆ کەسۆ کاریان تاوانبارەکانیش دادگایی نیو دەوڵەتی کران ئەو کەسانەش لە خزمانی نزیکی معمر قەزافی بوون ...چەند ساڵێک بوو زۆر بیرم لەوە دەکردەوە بۆ هەر یەکی لە ئەنفالەکان و ئەوانەی کیمیا باران کران چەند ملیون دولاریک ببەخشن بە کەسۆ کاریان بەڵام ئەمەی عەلاوی وای کرد ئەو خەوەم نەیاتە دی لە ئیراقی عەرەبدا هەرچەندە ئیراق زۆر لە لیبیا دەوڵەمەن ترە .**

**ئەوە نرخی مرۆڤیکی عەرەبە دەبی نرخی کوردیک چەند بی لای عەلاویە عەرەبەکان ؟؟**